
# ڕستە مرواریەکانی ڕووسیا


جەزا چنگیانی

لە ڕۆژی ٢٠٠٣/٥/٣٠ کۆمەڵی نووسەر و کادیری ئەکادیمایی و دڵسۆزانی کورد لە شاری مۆسکۆ بە مەبەستی ئاهەنگیران و گفتۆگۆ لە مەر چالاکی کوردانی ئەو وولاتە کۆبوونەوە. پێش ئەم دیرۆکە. واتە لە ٢٠٠٢/٠٨/٢٦. یەکگرتنیکی ڕۆشنبیری و نەتەوەی بە هەوڵی کەسانی دڵسوز و ڕۆشنبیری کورد (ئەنستۆتی کوردی) لە مۆسکۆ دامەزرا. بێگومان لە هەر شوێن و وولاتیکدا و هەر جورە نزیك کەوتنەوەیەکی کوردانە هەبێ. کاریك بە پیز و ویژدان ئارامدەرە. دەزانریت لە وولاتێکی بەرفراوانی وەکی ڕوسیادا چەندەها کادیر و نووسەر و ڕۆشنبیر وهونەرمەندی کورد هەن کەبەداخەوە. تا ئەوساتە بۆاریان نەبووە لە یەك نزیك بکەوەنەوە. خۆشبەختانە کە ئیستا بوونەتە خاوەنی ڕیخراویکی وا. جێ ئافەرینە بۆیان کە شانازی و ئاهەنگ بۆ کارەکانیان بگێڕن. ئەو کارانەی تائیستا پێ هەڵساون چاپکردنی کۆمەڵە پەرتووکێکە کەدەبنە پەنجەرە و خۆینەری ڕووس بە گرفت و ڕاستی و ڕەسەنی میللەتی کورد و گرفتەکەی و میژووی ئاشنا دەبێ:





پرۆفیسۆر علی کریم کەلخانی




١) کوردستان لە سەردەمی دەسەڵاتی صدام دا (لە ئینگلیزیەوە بۆ ڕوسی) ٢٠٠٣
٢) جینۆساید لە کوردستانی عیراقدا (لە ئینگلیزیەوە بۆ روسی) ٢٠٠٣
٣) سەفەری سەرۆك بارزانی لە کوردستانەوە تا ئەوەپەری ڕووباری ئاراس. نوسەر مورتەزا زەربەخت بیتربۆرگ ٢٠٠٣
٤) کورد لە ساڵانی ١٩٥٨ تا ١٩٧٩ بریتیە لە کۆکردنەوەی کۆمەڵە ووتار وزانستی لە میدیای ڕوسیەوە وەرگیراوە / تبلیس ٢٠٠٣ ئەم پەرتووکە بە بۆنەی لە دایك بوونی مستەفا بەرزانیەوە بلاوکراوەتەوە.
٥) بەرزانی و بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد. نووسین مسعود بەرزانی.

لەتەك بڵاوکردنەوەی ئەم پەرتووکانە بەزمانی ڕوسی کە نرخ و ڕۆڵی گرنگی بۆ ناسینی گرفتەکەمان لە ڕوسیدا زۆر هەیە. ئەم دلسۆزانە هەمیشە لە غەمی گەشەکردنی کۆمەڵگای کوردین. ئەویش بەمەبەستی خۆشکردنی بۆاری خویندن بۆ قوتابیانی کورد لە زانکۆکانی ڕوسیادا. لەپاڵ ئەمانەنشدا هەوڵدەدەن پەیوەندیە ئابووری و بازرگانی و هونەری وەرزشیەکانی کوردستان وولاتی ڕوسیا فراوان بکەن.


www.kurdistannet.org
24/06/2003 16:19

هەڵسورینەری ئەم رێکخراوە بەم شێوەیە:

١) دکتور پرۆڤیسۆر سیمی مەمەدەفیچ کۆچوی سەرۆك
٢) دکتوری ئەنازیار بکر شا محەمەد جێگری سەرۆك
٣) ئەکادیمی کەریم باگیروڤیچ رەش
٤) خانمی پرۆڤیسۆر زارا ئەلییفنا یوسوپۆڤە
٥) دکتور ئەفراسیاب محەمەد شەریف






www.کوردستان نێت

کۆمەڵی پسپۆر و زانای تری کورد.

لە میانەی ناسین و گفتوگۆ کانماندا چاوم بەم بەرێزانە کەوت کە بەراستی هەریەکەیان خاوەنی رێزیکی تایبەتین. لەتەك ئەو هەموو گیروگرفت و کەم و کوریانەیاندا لە وولاتیکی وەکی روسیادا میلەتەکەیان لەیاد نەچی. ئەگەر زیاد رەوی نەبێ رۆحی هەڵسورێنەری ئەم رێکخراوە بەرێز دکتور بەکر شا محەمەدە نەبی ئەوە ئەو بەرێزە کۆڵەکەیەکی بە هێزی ئەم رێکخراوە و ئەندازیارییەتی، کاك بەکر بە دڵ و هەستێکی گەرمەوە باوەشی بۆ کارەکانی گرتۆتەوە دڵخۆشە پیان. وەلی هەندی گلەی و سەرنجی هەبوو ئەویش ئەوەیە کە بەداخەوە هەندی کەس هەن لەجیاتی ئەوەی کۆمەکیان پێبکەن و بین بە ئەندام و برایان، دوژمنایەتیان دەکەن و کۆسپیان بۆ دروست دەکەن، خەمی ئەم برایە و هاو بیرەکانی تریشی ئەوەیە ئاورێك لە کوردانی روسیا بدرێتەوە تا وەك مرۆڤ سەیر بکرین. کە لە هەندی ناوچەدا بەداخەوە هیچ جۆرە حسابیکیان بۆ دانانین. هەرچەندە زۆر لەم برایانە کەوتونەتە تەمەنەوە کەچی چالاکیان هەر بە وزەیە چاوم بە بەریز پرۆڤیسوری جوگرافیای سروشتی (دکتور علی کریم کەلخانی) کەوت. ئەم بەریزە هەرچەندە خاوەنی کۆمەڵی بەرهەمی زانستی جوگرافیە ئیستا وەك خانەنشینیك سەر گەرمی رۆمان و شانۆگەریە. ئەم بەریزە چەند خاوەنی ئەم سامانە بەپیزانەی وەك کەسیکی بە ئەزموون زۆر سادە لە تەك خەلکیدا مامەڵە دەکات ئەم بەریزە خاوەنی ئەمانەیە :

١) علم جغرافية الطبيعية (بصرة) ١٩٦٩
٢) المحافظة علي الطبيعة ليبيا ١٩٨٨

www.kurdistannet.org
24/06/2003 16:19

٣) جيوكيما المركبات الجغرافية الطبعية (بصرة) ١٩٧٨

٤) چۆار شانۆگەر

٥) ڕۆمانیك بە ناوی (کی سالە شیتی کوشت) ڕووداوی ئەم ڕۆمانە لە نیوان ساڵی ١٩٤٥ و ١٩٥٨ سلیمانیە و ڕۆمانیکی کۆمیدیا.

لە سالی ١٩٦٦ دکتورای لە سەر جوگرافیای سروشتی هیناوە

بەریز کەریم باگیروڤیچ ڕەش، خاوەنی ١٥ پەرتووکە لە بۆاری جۆر بەجور و هەڵگری کۆمەڵە خەلاتیکە لەسەر ئاستی ڕوسیدا بەناو بانگە و ئیستا سکرتیری یەکیتی نووسەرانی مۆسکویە، ئەم بەرێزە لە چاوپیکەوتنیکدا ئاماژەی بەوە کرد تەنیا ڕیگەمان بۆ ڕزگاری نەتەوەی ڕیگەی خویندن و تیگەیشتنە لە ژیان و ئاواتە خوازە ڕۆژیك بیت بتوانی سەردانی کوردستان بکات و لە نزیکەوە لە تەك قوتابیانی نەتەوەکەیدا بڤەی. پرۆڤیسور سیمفل کۆچوی پسپۆر لە بواری یاسای نیو دەولەتی و سەروکی زانکۆ و خاونی کۆمەلە پەرتووکی ئاست بەرزە، دکتور ئەفراسیاب هەورامی ڕۆڵەیەکی دڵسوزی ڕۆژهەلاتی کوردستانە و خاوەنی کۆمەڵە پەرتوك و زانستیەکی زۆرە بە تایبەتی لە بۆاری میژووی نوی و مستەفا بەرزانی دا. خانمی پرۆڤسیۆر زارا پسپۆر لە بۆاری زمان ئەم خانمەش خاوەنی کۆمەلە بەرهەمیکی بەپیزە لە بۆارەکەی خویدا. کۆبوونەوەی ئەم ڕستە گەوهەرە بە شەوقانە لەباوەشی ڕیکخراویکی ڕۆشنبیری کوردی لە وولاتیکی وەکی ڕوسیادا. دەتوانین (ئەنستویتی کوردی) لە مۆسکۆ وەك زانکۆیەکی کوردی ئاماژەی بۆ بکریت، بە هیوای ئەوەی ئەم دلسۆزانە لە کار و چالاکیەکانیادا ماندوونەبن، ڕیکخرا و نووسەرانی کوردیش لە کوردستان ئەرکیانە کۆمەکیان بکەن.

کوردستان نێت www.kurdistannet.org